وەزارەتی کار: ٢ ملیۆن و ١٩٠ هەزار کەس لە وەرگرتنی مووچەی چاودێری کۆمەڵایەتی سودمەند بوون



وەزارەتی کاروباری عێراق وتی، ٢ ملیۆن و ١٩٠ هەزار کەس لە وەرگرتنی مووچەی چاودێری کۆمەڵایەتی سودمەندبوون و دڵشاد، بڕی ١٠٠ هەزار دینار جۆزنانیان دابەش کردووە.

ئەمڕۆ یەکشەممە ٨ـی حوزەیرانی ٢٠٢٥، حەسەن خەوام، وتەبێژی وەزارەتی کاروباری عێراق وتی، ئەو خزانانەی لە تەڵەی دەستبەری کۆمەڵایەتی تەمارکراون، بیمەی تەندروستییان بۆ خەڵایی پێدەدرێت، مانگانەش بۆ هاوئاهەنگی وەزارەتی بازرگانی، سەبەتەی خۆراکیان پێدەدەن.

ئاماژەی بۆشکرد، ئەو گەنجانەی لە تەڵەی دەستبەری کۆمەڵایەتی تەمارکراون و تەمەنیان لەنێوان ١٨ بۆ ٢٥ ساڵە، بەشێوەی گرێبەست لە وەزارەتەکان دایاندەمەزرێنن، تائێستا زیاتر لە ٥١ هەزار گەنجیان بەشێوەی گرێبەست لە وەزارەتەکانی ناوخۆ، پێرەوردە و داد دامەزراندووە.

باسی لێوەشکرد، ئەو کەسانەش دیاریکراوت خێیان ببنە خاوەنکار، قەرزی درێژخایەنیان بە بڕی ٢٠ بۆ ٥٠ ملیۆن دینار بۆ دیاری کردوون، کە دوای ئەوەی بوونە خاوەنکاری خێیان، مووچەی دەستبەری کۆمەڵایەتیان دەبڕن.

وتیشی، لەم جۆرەدا بڕی ١٠٠ هەزار دیناریان وەك جۆرانە بە هەر منداڵێکی بە سەرپەرشتی تەنکانی چاودێری و دەستبەری کەمئەندامیەتی داوە.